www.kurdistannet.org
13-5-2006 21:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئیشکردنی ژنان لەناو بازارەکاندا.... ؟؟!!! ڕێژین ابراهیم




ئیشکردنی ژنان لەناو بازارو شوێنە گشتیەکان بۆتە هۆکارێکی گرنگ، کەلەئێستا مایەی نیگەرانیەکی زۆرە بۆ حکومەت دواتر بۆ هاولاتیان، ئەو ژنانە بەبینینیان ئەوە دەگەیەنێت کە بەهێزو بازو ی خۆی و بەشان وبالی خۆی هەوڵدەدات لەپەیدا کردنی بژێوی ژیانیان، لەناو بازارەکاندائەو ژنانەهەریکە یان بەشێوازێکی جیاجیا باس لەنەهامەتی و ئەو دەردەسەریانەی خۆیان دەکان کە هەمیشە لەبچوکترین مافی خۆیان بێبەشن، هەندێکیان کەنازانن کەی لەدایك بوون یان تەمەنی چەندە، ئەمەش هۆکارێکە بۆلەناو بردنی ڕۆلی ژنان لەکۆمەڵگادا، کەڕۆژانە لەناو بازارەکاندا بوونەتە جێگەی توانجی خەڵکی وهەندێك لە فرۆشیارەکان بەچاوێکی نامرۆڤانەوە تێیان دەڕوانن، هەندێك لەژنان گلەیو گازندەیان لەحکومەت هەیە کەتاکو ئێستا نەی توانیوە جێگەو ڕێگەیەك یان دەرماڵەیەك بۆ ئەو ژنانە ببڕێتەوە کە بە ئارەقی ناوچەوانی خۆیان نان بۆ منداڵەکانیان دابین دەکەن وخاوەنی کۆمەڵێك شەهیدن و هەر کەسوکاری ئەوانەبوون توانیان ئەم ڕۆژە بڕخسێنن بۆ ئەوەی بەئاسودەبژین بەلام جێگەی داخە کە گەندەڵیەکی تەواوهەیە لەدەوائیرە حکومیەکاندا کەئێستا زۆرێك لەکورە شەهیدەکان یان ئەوژنانەی کەمێردەکانیان ئەنفال کراون یان شەهیدکراون هیچ ئەرزەیەك یان معاشێکیان نییە لەبەر خزموو کەسەکانی خۆیان و ئەمسالی وەك خۆیان کەبەدەیان زەویو زار دەدەنە خزموو کەسو کاریان ناتوانن ئاورێك لەو ژنانەهەژارانە بدەنەوەکە ئێستا لەناو بازارەکاندا خۆیان ئیش دەکەن بۆبەخێو کردنی منداڵەکانیان، سەرەرای ئەوەش ڕۆژانە چەندین جار لەلایەن پۆلیسەکانەوە شتومەکەکانیان بەر شەق دەدرێت راو دەنرێن، ئەگەر هەریەکەیان بدوێنی کۆمەڵێك چیرۆکو بەسەرهاتی خۆی هەیە، ئەسمەر عوسمان کەتەمەنی56 ساڵەو هیشتا شووی نەکردووەکە لەکۆمەڵگای خۆماندا بەقەیرەی ناوبانگیان دەرکردووەئەسمەر ئەو کچە بەسەر زمانەبووهەر وەکوخۆیدەیوت تائێستا ژیانی هەرلەنەهامەتیدابووەو ئاوەتاکانی نەهاتونەتەدی وئەسمەر ووتی"من لەوەتەی هەم وبیرم کردۆتەوە هەر ژیانم پڕ ناخۆشی

بووەو ئێستا کەس نییە بەخێوم بکات بۆیە دەستم داوەتە فرۆشتنی سەزەو گەڵامێو ڕۆژانە دەچمە عەلوەکەو دەیهێنم لێرە دەی فرۆشم"هەر وەکو خۆی ووتی ئەم سەوزە فرۆشتنە لەسواڵ کردن باشترە، دوتریش ووتی "ئەوەندەم داوا لەحکومەت کردووە هیچ داواکاریەکیبۆ جێبەجی نەکردووەئێستاش من هیچ دەرماڵەیەکم نییە لەکاتێکدا دەبو ئەوانەی وەك من قەیرەن معاشیان بدرێتی لەلایەن حکومەتەوە"، چونکە بەتەنها ئەسمەر قەیرە نییە بەڵکو چەندین کەسانی تر هەن وەك ئەسمەر کەبەدەست ئەو نەهامەتیەوە دەناڵێنن، بەهەرحاڵ ویستم بچمە ناو ژیانی تایبەتی ئەسمەرەوە بەڵام ڕێگەی نەدام لەوەزیاتر بیدوێنم و تابزانم چی هۆکارێك بووەتە ڕێگرتنی لەژیانی هاوسەرێتیدا، لێرەدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو کچە گەنجە ڕۆح سوکەبوو کەئامادە نەبوو نەناوی نەتەمەنیئاشکرا بکات بەڵام دیاربوو تەمەنی لە15ساڵیدابوو ئەم کچە لەتەنیش دایکیەوە دانیشتبوو هیچیان ئامادەنەبوون قسەم بۆبکەن دوای ئەوەش چومە ئەولاترەوە کچێکی مناڵم بینی بەڵام بەداخەوە ئەمەیشیان ئامادەی قسەکردن نەبوو وەکو خۆی دەیوت ئەگەرماڵەوە بزانن ئەوا لێم دەدەن لەبەر ئەوە من قسەناکەم، تۆبڵێیت ئەم منداڵە بزانی مافیمنداڵ هەیە یان هەست بەکەم تەرخەمی خێزانەکەی بکات لەلایەن خۆیەوە کەچۆن ئەو بەو منداڵیە لەناوبازاڕەکاندا شت بفرۆشێتو دواتریش خەڵکانێکی هەست نزم بەرەو ئامانجێکی خراپی بەرن بەهەرحاڵ زۆرن ئەو کەسانەی کە لەلایەن باوانیانەوە ئیستغلال کراونوڕەوانەی سەر جادەو بازارەکان دەکرێن لەبەر بژیوی ژیانیان، رەحمە ئەو ژنەبوو کەنەیزانی تەمەنی خۆی چەندە دەیانی وەك رەحمە هەیەکەنازانن تەمەنیان چەندەئاخۆ چوزانن مافیان هەیە یان ئەتوانن داوای مافی خۆیان بکەن و ئەویش یەکێکە لەوژنە ئیشکەرانەی ناوبازارلەساڵانێکی زۆرە خەریکی ئەم کارەیەووتی"ساڵانێکی زۆرە من خەریکی ئەم کارەم ئەگەر ئەم کارەش نەکەم ئەوا کری خانووم پێنادرێت وئەو برە منداڵەم بۆ بەخێو ناکرێت" ووتیشی "مێردەکەم شەهیدەو تائێستاش لەبەر ئەوەی کەس ناناسم بۆ ئەوەی واستەی پی بکەم معاشم نییەوهەرخۆم لەماڵەوە ئیش دەکەم کەس یارمەتیم نادات"رەحمە ژنێکی زۆر داخ لەدڵ بوو لەحکومەت چونکە ساڵانێکی زۆرە مێردەکەی شەهید کراوەو لەلایەن حکومەتەوە هیچی بۆنەکراوە، زۆرسەیربوولەو ماوەی قسەم لەگەڵ دەکرد هەمیشە سەرەتاتکێی ئەوەی بوو کەپۆلیسەکان بێت وئەم فریای خۆی بکەوێت لەپێچانەوەی شتەکانی دیار بوو چەندین جار لەلایەن پۆلیسەکانەوەشتومەکەکەی شکێنراوەو دواتریش گیراوە، ژنێکی تر کە لەلای سەروو مزگەوتی گەورەوە کەلوپەلی دەفرۆشت ئەویش رازی نەبوو ناوی بووترێت ووتی"هەموو ڕۆژێك من لەم شوێنەدا ئەم کەلو پەلانە دەفرۆشم هەندێك جار پۆلیسەکان ڕاومان دەنێن و زۆر ناچارم ئەگینە هەر سەعاتێکی بۆ من مردنێکە" ووتیشی "لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك منداڵم کەوتووە بەسەرداو مێردەکەشم پۆلیسە بەڵام معاشەکەی هەر بەشە کری خانووەکە دەکات بۆیەمنیش بەناچاری دەستم داوەتە ئەم جۆرە ئیشە"، حەلاوخانیش یەکێکە لەو ژنانەی کەلەناو بازارەکاندا ئیش دەکات تەمەنی30 ساڵە و مێردەکەشی ئەنفال کراوەو ئێستا منداڵەکانیو کری خانووەکەی هەمووی کەوتۆتەسەرشانیو ووتی"من مێردەکەم ئەنفالەو کۆمەڵێك منداڵم بەسەردا کەوتووە هەموو ڕۆژێك وەك قەرەج دێم و دەچم تاکو منداڵە کانم لەبرساندا نەمرن"دیارە حەلاو یەکێکە لەوژنانەی کەمێردەکەی بەدەستی ڕژێمە دیکتاتۆریەکەی سەدام ئەنفال کراوەو ئێستاش هیچ یارمەتیەکی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەرنەگرتووە، ووتیشی"حکومەت باهەر چاوی لەژنانی خزمو کەسو کاریەوەنەبێت بائاوڕێك لەم ژنانەبدەنەوە کەڕۆژانە بەدەیان ژن لەم گوزەرەدا ئیش دەکەنو زۆربەیان مێردەکانیان شەهید کراوەو لەبەر ئەوەی وەك من برێك منداڵی بەسەردا کەو تووە دەبێت بەناچاری ئیش بکەن چونکە ئیش کردنەکە لەسواڵکردن باشترە"حەلاو خاوەنی پێنج منداڵەو هەروەك خۆی دەڵێت" منداڵەکانیشم هەموویان گەورەن ومەسرەفیان زۆرە ناتوانم فریای جل کڕینیان بکەوم ئیتر لەکوی کری خانو بدەم"، ساوڵا ئەو پیرێژنە قسە خۆشە بوو کەتەمەنی80ساڵ بوو مێردەکەی نەماوەو چەند کوڕو کچی بەسەردا کەوتووە و ڕۆژانە لەکەرکوکەوە

پەنیریان هەرشتێکی تر دەهێنێت بۆسلێمانی دەیان فرۆشێت وشەوانەش لەماڵی کچێکی دەمێنێتەوەو بەیانیانیش زوو دەردەچێت بۆ کەرکوك بۆئەوەی زوو بکاتەوە سلێمانیو شتەکانی زوو سەرف بن، ساڵاو ووتی"تەمەنم نازانم70 یەیان 80هیچ نازانم قسەبکەم هەر ئەوەندە دەڵێم سەردەمانێکی زۆرە خەریکی ئەم جۆرە کاسپیەمتەمەنم مناڵ بوو خەریك بووم و ناتوانم وازی لی بهێنم لەبەر ئەوەی کەس نیە بەخێوم بکات هەیەو نیە ئەو کچەمە کە لەسلێمانیە شەوانەدەچمەوە ماڵ ئەوان بۆ ئیسراحەت"ساوڵا بەو تەمەنەوە ژنێکی زۆر چالاك بوو دیاربوو زۆرلەحکومەت نارازی بوو لەبەرامبەر مافی خۆی ووتی"حکومەت تائێستا بۆخۆی نەبێت هیچ بۆ ژنانی وەك من داماو نەکردووە"لە ساوڵاخانم پرسی ئەزانی دەستور چییە ئەویش ووتی" درۆت بۆبکەم نەوەڵا نازانم دەستور چییە" لێرەدا دەبێت روی دەممان بکەینە ژنە کانمان لە پەرلەماندا بزانن کوا مافی ژنان ئێستاش کەس نازانێت کامانەن کەهەڵبژێراون بۆ ئەندام پەرلەمانی ئیشی ئەوان ئەوەنیە لەسەر کورسیەك دابنیشن و نەزانن کێشەو داواکاری ژنان چییە یان لەڕێگەی رێکخراوەکانەوە ئاگاداریان بکەنەوە بزانن ئەوان چیان ئەوێت و چیان ناوێت، پێم باش بوو بۆ ئەم کێشەیە سەردانی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵام خاتو شنۆ خۆی لەوی ئامادەنەبوو بۆیە جێگرەکەی لەوی بوو بەڵام بەداخەوە لەگەڵ خۆم کرد بەچوردا بو بەدواداچوونی ئەو کێشەیە یەکسەر وتیان لەکوێوە هاتووی کەزانیان وەك رۆژنامەنوسێك هاتووم پرسیاریان لێبکەم ووتیان" کۆبوونەوەی هەیە لەبەر ئەوە ناتوانی ئێستا بیبینی"بەداخەوە کەلەئێستا دا لەهەموو دەوائیرەکاندا کەسەردانیان دەکەیت بەناوی ڕۆژنامەوە یەکسەر دەڵێن داوای لێبووردن دەکەین کۆبوونەوەی هەیە، تۆبڵێیت ئەم کۆبوونەوەیە لەبەر ئێمەبێت یان هەرخۆیان لەئێشو کارەکاندا زۆر بەشێویەکی جدی کاردەکەن. rezhen@maktoob. com